# هزر و داهێنانی ئەدەبی

## (بزاڤی مەشرووتە و کاریگەرییەکانی لەسەر داهێنانی ئەدەبی)

هادی حەبیبی
(بۆکان)

بنەمای هەر جۆرە ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنێک لە نێو کۆمەڵگەدا، وەک پێویستیی یەکەم، بیرکرنەوەیە و ئاستی هەڵکشانی کۆمەڵگەیەک لە نەریتەوە هەتا مۆدێرنیتە و پاش مۆدێرنیتەش، هەر بیرکردنەوە مسۆگەری دەکا. هێز و دەسەڵاتی هزر، یان بیرکردنەوە، ڕاستییەکەی کردەیەکە کە تایبەتمەندیی مرۆڤی زیندووە و بەو پێیەش، مەودا گرتنە لەگەڵ کەس، یان کۆمەڵگەیەکی مردوو کە هێزی هزر تێیدا لە ئاستێکی نزم و داکشاو دایە.

کاتێک لە پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤیش ورد دەبینەوە، بە ڕاشکاوی دەبینین مێشک کە سەنتەری ڕاگەیاندنی فەرمانە، بە بۆنەی بیرکردنەوە، سەرانسەری بەشەکانی دیکەی جەستە، فەرماندەری و ڕێنموونی دەکا، هزر هەر لە بنەڕەتدا هێزێکی ڕەها و بێ سنوورە، کە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاستی پێشکەوتوویی کۆمەڵگەدا هەیە، هەرچەندی کۆمەڵگەیەک زێدەتر بیر بکاتەوە، زێدەتریش لەو جیهانە ئیدیالە نزیک دەبێتەوە، هەروەها زووتر بە مەبەستی بەختەوەرانەی هزری و نەتەوەیی خۆی دەگا. ئەگەر کردەی نووسین بە بۆچوونی کافکا، دەرباز بوون لە مەرگ و پەیڤین ئاکاری زیندووان و بێدەنگ بوونیش تایبەت بە مردووانە، لە پێناسەیەکی وەهادا، نووسین بەڵگەی مانەوەیەکی درێژخایەن و هەندێک جار هەتاهەتاییە و گرنگتر لەوەش ئەوەیە کە داهێنانی ئەدەبی و هەر جۆرە ئەفراندنێکی هونەری، بە تەواوی لەگەڵ هێزی هزردا لە پێوەندیدایە و بە بێ کەرەستەی بیرکردنەوە، هیچ خولیایەکی مرۆڤانە وەدی نایە. بە واتایەکی تر بیرکردنەوە، هەوێنی گۆڕانکاریی هونەرییە و داهێنانی ئەدەبی، داهێنانێکە کە بە هزرێکی پتەوی نوێخوازەوە تەیار کرابێ و بێتو جیاواز لەو ڕاستەقینەیە بێ، ئەوە وەک بەرهەمێکی کاتی، دانوستانی ڕەخنەگرانەی لەگەڵدا دەکرێ، کاتێک ئێمە باس لە داهێنان دەکەین، لە حەقیقەتدا مەبەستمان



**عارف قەزوێنی**

پێکهێنانی پێکهاتەیەکی جیاواز، هەروەها شێوازێکی تازە و نوێیە کە بەر لە خۆی ئەزموون نەکراوە و تاقمی داهێنەر، بە مانیفێستی کارای خۆیەوە، خەریکە ئەزموونی دەکا. ئەو ئەزموون کردنەش لە چەشنی خۆیدا، جەسارەتێکی هونەری، یان واتایەکی مەترسیدارە کە بێ گومان پێوەندییەکی نەبڕاوە و پشت بە پشتی لەگەڵ خودی هزردا هەیە. بە گوتنێکی دیکە، هەرچەند ئاسۆی بینین و تێڕامان لە داهێنەردا گەشتر و بەرفراوانتر بێ، بەو ڕادەیەش هزر لە سەرجەمی داهێناندا، بوونی بەرچاوی دەبێ و هەر بەو ڕادەیەش دیسان داهێنانی هونەری و ئەدەبی، خاوەنی تەمەنێکی درێژتر و بەهرەیەکی بەربڵاو و هەمەلایەنترە.

هزر پاڵپشتی هەر چەشنە بەرهەم و داهێنانێکی هونەرییە و ئاشکرایە کە لە قۆناغی هەوڵدا، هیچ داهێنان، تەنانەت بابەتێکی ئاساییش، بە بێ ڕەگەزی خەیاڵ و هزر نایەتە بەرهەم، بەڵام ئەوەی بە تایبەت لێرەدا جەختی لەسەر دەکرێ، هزرێکی واوەی هزری ئاسایی و خەیاڵە کە بە بوونی خۆی، کۆمەڵگە و بابەتگەلی ئەدەبی و فەرهەنگی و ڕامیاری، وێکڕای یەک دەخاتە سەر هێڵ و بەرەو ئامانجی پێویست هانیان دەدا. ئەگەر لە ڕوانگەی کافکادا، نووسین بازدان بەسەر ڕیزی مردووەکانە، بیرکردنەوە زۆر زیاتر لە کردەی نووسین، دەرباز بوونێکی جیددی و ڕاشکاوانە لە ڕیزی کۆمەڵگەی داکشاو و مردووە. ڕاستە کە فەلسەفەی هەر دوو قۆناغی نووسین و بیرکردنەوە، هەوڵدان بۆ پێشکەوتن و ڕزگار بوون لە فەوتان و فەرامۆشییە، بەڵام خاڵی شیاوی سەرنج لێرەدایە کە هزر، سەرچاوەی نووسین و ئاخاوتنە و هەوڵێکە بۆ بنیادنانی ئەزموونێکی نوێ و واتایەکی جیاواز، لە جیهانی داهێنانی ئەدەبیدا.

لە ئێرانی سەردەمی مەشرووتەخوازیدا، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بە سەر داهێنانی هونەریدا هات و خودی مەشرووتە وەک بزاڤێکی پێشکەوتنخوازی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، هزری زاڵ بە سەر کۆمەڵگەی ئێرانی ئەو کاتی، جار لەگەڵ جار بەهێزتر کرد، بەهێز بوونی هزر لە سەردەمی مەشرووتەدا، بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگە لە وەرگرتنی هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک نەپرینگێتەوە، بگرە تەنانەت بۆ بەدیهێنان و مسۆگەر کردنی ئامانجەکانی، بچووکترین دەرفەتیش بقۆزێتەوە. ئەم ڕەوتە نوێیەش کە هزر وەک پاژێکی بنەڕەتی تێیدا زەق بووە، پاژەکەی دیکەی هەمان داهێنانی هونەری و ئەدەبی بوو کە لە ڕەهەندی شکڵی و نێوەرۆکی شیعر، هەروەها مەیل بەرەو نووسینی پەخشان و ڕۆماندا -کە ئەزموون نەکراو بوو- هاتە ئاراوە:

**١-مەشرووتە: بزاڤ، یان دەسەڵات؟**

مەشرووتەخوازی وەک بزاڤێکی نیشتمانی، لە هەنگاوی هەوڵی خۆیابوونی خۆیدا، پێکهاتەی بیری هاوچەرخی تێک دا و قەوارەیەکی جیاواز و پێشکەوتووی بە چەشنێکی بەربڵاوتر، بە هزری ئێرانی بەخشی. مەشرووتە لە بنەمادا، ئەگەر نەڵێین دەسەڵات، لانی کەم بزاڤێکی پێشڕەو بوو کە لە بواری کۆمەڵایەتی، هەروەها بابەتگەلی وەک فێرکاری سەرەکی و سەنتەری فێر کردن و ڕۆژنامەگەریدا، بە دامەزراندنی ژیارێکی تەواو جیاوازەوە، خۆی بە سەر کۆمەڵگەی ئێرانیدا مسۆگەر کرد، لە پاژ بە پاژی ئەم بزاڤە مۆدێرنەدا، ئەوە هزرە کە بەردەوام لە جووڵە و ئاڵوگۆڕدایە و هەر جاریش زێدەتر و بەهێزتر لە جاری دی، ڕیشەکانی لە نێو کۆمەڵگەدا دادەکوتێ. سەرجەمی ئەوانەش بێ گومان دەسکەوتێکن کە مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئێرانی، لە دوو شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیزی و شۆڕشی مەزنی فەڕەنسی لە ساڵەکانی ١٧٥٠ تا ١٧٨٩ی زایینی بەولاوە وەریگرتووە. دیاردەگەلی وەک ژن، نیشتمان، پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای ڕۆژاوا و ئازادی، لەو دیاردانەن کە وەک بایەخگەلی کۆمەڵگەی ڕۆژاوا، بە بۆنەی بزاڤی مەشرووتەوە لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا سەر هەڵدەدەن، تەنانەت ڕسکانی وشەی ئازادی، بە مانای دیموکراسی ڕۆژاوا، ڕاستەقینەیەکە کە دیسان هەر بە بۆنەی بزاڤی مەشرووتەوە، لە قامووسی کۆمەڵایەتی-ڕامیاری ئێراندا لە دایک دەبێ(١). کەوابوو لەم

بزاڤـەدا، خـودی هزر بە تەنیـا لە لایەک و لە لایەکی دیکەش ئاڵوگۆڕی فرەڕەهەندی کۆمەڵگە و بابەتگەلی فەرهەنگی و ئەدەبی، بە یەکەوە دەبنەوە جەمسەری ئەو پێشکەوتنە کە هەر لە کۆتایی سەردەمی قاجارییەکانەوە، پێشکاری و ڕێخۆشکەری بۆ کراوە. ئەحمەد کەسرەوی لە (مێژووی مەشرووتەی ئێران)دا دانی پێدا دەنێ کە شیعرگەلی نیشتمانی لە سەردەمی مەشرووتەدا، کاریگەری زۆری لە وەخەبەر هێنان و وشیارکردنەوەی گشتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەبووە و شاعیری وەک مونیری مازەندەرانی، مەهدی خانی حیکمەت و تاڵبۆف، لەو شاعیرانە بوون کە بە چامە و هۆنراوەی خۆیان، بەرگرییان لە مافی نیشتمانی و نەتەوایەتی خەڵک کردووە(٢). لە ئێرانی سەردەمی مەشرووتەدا، دیسان جەختی لەسەر دەکەمەوە کە ئەوە هزرە کە دەگۆڕدرێت و دەبێتە دەسپێکێک بۆ گۆڕانی شێوازی هەر جۆرە داهێنانێکی ئەدەبی. وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، بزاڤی مەشرووتە ڕاستییەکەی بەر لە خۆی، بە کردەوە پێشکاری و ئامادەسازی بۆ کراوە. هەر لە سەرەتای دەسەڵاتداری ناسرەددین شاوە، کە پێوەندی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپیدا بەهێزتر بوو، کۆمەڵگە و مرۆڤی ئێرانی بە هۆی ئەو دانوستانە فیکرییەوە، زۆر زوو لە بارودۆخی داکشاو و ڕووخانی ژیاری خۆی ئاگادار بووە. لەگەڵ کوژرانی ناسرەددین شادا، توێژی ڕۆشنبیر و خوێندەواری ئێرانی لە ڕۆژاوا و بە گشتی سەرجەم وڵاتانی ئەورووپییەوە، بەرەو زێدی خۆیان گەڕانەوە و بە هزر ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییان پێکهێنا، تا ڕادەیەکی کە موزەفەرەددین شای قاجار لە ساڵی ١٢٨٥دا، ناچار بە واژۆ و ئازاد کردنی ئەم ڕەوتە کرا کە خەڵکی ئێران لەو کاتەدا و بە هەموو چین و توێژێکەوە خوازیاری بوون، داهێنانی ئەدەبی ئەو کاتیش، بە ئاشکرا خاوەنی ئەو بنەما فیکری و فەلسەفییەن کە لەبەر ئەوەی لە بزاڤی مەشرووتەوە ئەزموون کراون، بەڵام تا سەردەمی مەشرووتە، بۆیان نەلواوە کە بە ڕاشکاوی باس لە هەندێک دیاردە بکەن. لەبەر ئەوەی کە لە لایەن دەسەڵاتەوە، هێڵی سوور بووە و بە تاوان لە قەڵەم دراوە و ئەنجام و نووسینەوەی هەر چەشنە جیاواز بیرییەک، سزای توندی بۆ دیاری کراوە.

**٢-هزری مەشرووتە و پێوەندییەکانی لەگەڵ داهێنانی ئەدەبیدا:**

دەنگی سەرەکی مەشرووتە، زۆرتر لە دوو دیاردەی نیشتمانپەروەری و ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا بەرز دەبێتەوە(٣). دیارە هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە، خودی خەیاڵ و جوانکاری خەیاڵکردە، بە زەرووڕەتەکانی جیهانی شیعر پێناسە کراوە و بە دوای ئەویشدا هەموو بیچم و پێکهاتەیەکی خەیاڵکردە، هەروەها شوبهاندن و خوازە و کەسایەتی بەخشینێکی ئەدەبی، هەر هاتوون و ئەم جەغزە هونەرییەیان قۆناغ بە قۆناغ تەواوتر کردووە، بە پێچەوانە لە داهێنانی سەردەمی مەشرووتەدا، بە هۆی ئەوەی کە توێژی شاعیر و ڕووناکبیر، زۆرترین گرنگایەتییان بە مەبەستگەلی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی داوە، هەر بەو هۆیەش کەرەسەی خەیاڵ لە جیهانی شیعری ئەو کاتدا، زۆر وەبەر چاو نایە و شیعر حاڵەتێکی دروشمدان بە خۆی دەگرێ. ئەوە هەر لە هەنگاوی یەکەمدا، کاریگەریی هزرێکی شۆڕشگێڕ و دروشمخوازە کە شیعر بە تەواوی لە فەزایەکی بەستەدا دەرباز دەکات و وای لێ دەکا کە بە زمانی حەماسە و دروشم بدوێ. ئەگەر ئەرکی شیعر، شڵەقاندنی فەزای کۆمەڵایەتی و ڕامیاری کۆمەڵگەیە، ڕاستییەکەی ئەوە ئەرکی بیرۆکە و هزری زاڵە کە خەت و نیشان دەکێشێت و ئامانج دیاری دەکا.

لە ڕەهەندی هزرییەوە سەردەمی مەشرووتە، قۆناغێکی گرنگ و هەستیار لە مێژووی ئێرانە و لە حەقیقەتدا چاخی ئەزموون کردن و تێپەڕین لە نەریتەوە بەرەو مۆدێرنیتەیە، خۆیایە کە کۆمەڵگەیەکیش لە دۆخێکی ئاوادا، تەنگژە و ئاڵۆزی تایبەت بە خۆی بۆ ساز دەبێ، لەبەر ئەوەی کە لە نێوان تێڕوانین و بۆچوونەکاندا، دژوازی حاشاهەڵنەگر هەیە و لە لایەک ڕوانینی نەریتی بە یەکجاری بنەبڕ نەبووە و لە لایەکی دیکەش ڕوانگەی نوێخوازانە و مۆدێرن، بە تەواوی لە نێو کۆمەڵگەدا پێک نەهاتووە، هەر بۆیە بۆ نموونە غەزەل کە پێش سەردەمی مەشرووتە و دوای مەشرووتەش، بەردەوام مەحەکی ئەزموونگەلی شیعری و لووتکەی ئەدەبی و شیعرشوناسی ڕۆژهەڵاتە، ڕاست لەو سەردەمەدا تووشی دژوازییەکی کاکڵانەی(٤) نائاسایی دێ. غەزەل تا سەردەمی مەشرووتە، هونەرێکی شیعرییە کە بابەتگەلی ئاشقانە و عیرفانی تێیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام لە سەردەمی مەشرووتەوە، شاعیری مەشرووتەخواز بە هۆی دروستبوونی نێوەرۆک و بابەتگەلی نوێی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە، کەڵکەڵەی کۆمەڵگەیەکی بەرەو مۆدێرنیتە و نێوەرۆکی پێوەندیدار بە بابەتی ڕۆژەوە، دێنێتە جیهانی غەزەلەوە و غەزەلی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێ، کەوابوو هەر لە بنەڕەتدا پێشینەی ناتەبایی و ململانێی بایەخگەلی نوێی ئینسانی لەگەڵ بایەخگەلی نەریتی کۆمەڵگەدا، بە تەواوی مانا بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە و بە وتەی محەمەد موختاری (نووسەری ئێرانی)، مەشرووتە دەورانێکە کە شیعر و ئەدەبیات، لە مەتەرێزی

خەباتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریدایە و لە لایەک ئەرکی گەڵاڵە دارشتن و پەرەپێدانی بایەخگەلی نوێی لە ئەستۆ دایە و لە لایەکی دیکەش، بەرەنگاری پێوەر و بەرهەڵستگەلی درێژخایەن و لەمێژینەی فەرهەنگی نەریتی دەبێتەوە(٥).

ئەو ڕاستەقینەیەی کە شاعیری نوێخوازی مەشرووتە گیرۆدە دەکا، بیچمی پێکهاتەیی و تەکنیکی و ڕواڵەتی نییە، بەڵکو خودی نێوەرۆک و کاکڵی پەیڤە کە بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە دەسەڵاتداریی لاسارانە و زۆرەملانە دەگرێ. لێرەدایە کە پێوەندی هزر و داهێنانی ئەدەبی، زێدەتر ڕوون دەبێتەوە و ئەگەر بابەتگەلی تەکنیکی و پێکهاتەیی، لایەنی دەرەوەی هونەری شیعرە، بێ گومان نێوەرۆک و مانا لایەنی ژوورەوەی هەر جۆرە دەقێکی ئەدەبییە کە پێوەندی نەبڕاوەی لەگەڵ هزری خاوەنەکەیدا هەیە، ئەوەی کە لە جیهانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی هاوچەرخدا، گەلێک جار نێوەرۆکی بابەت، یان دەقێکی ئەدەبی، بەو مانایەی گرێ دەدرێتەوە کە ڕێی تێدەچێ مەبەستی هزریی نووسەرەکەی بێ، لە خۆیدا ستراتیژییەکی ڕەخنەی ئەدەبییە، هەرچەند گەلێک جاریش لە لێکۆڵینەوەی دەقێکی ئەدەبیدا، ڕێک بە پێچەوانە، چەمک و مانا بە مەبەستی ناوەکی نووسەرەوە نابەسترێتەوە، بەڵکو لێرەدا و لە پێناسەیەکی گشتیتردا، فەلسەفەی ئەو چەمک و مانایە لە بارودۆخی کەسی، یان مێژوویی خاوەن دەقدا خۆیا دەبێ. بە واتایەکی تر دەق لە بەرانبەر ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، یان مێژووییدا دەخولقێ و ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە کە نووسەر بە گرنگیدان بەو دۆخەی تێی کەوتووە، ڕاستییەکەی بە دەقی نووسراوەیی خۆی، چ ڕوانگەیەکی ڕەچاو کردووە و چ کردەیەکی مەبەست بووە؟ ئەگەریش لە درێژەدا ئەو بەرهەمە ئاماژە پێکراوە، وەڵامدەرەوەی کەڵکەڵەی دوایی بەردەنگەکانی تر دەبێت و برینەکانیان سارێژ دەکاتەوە، ئەوە دەکرێ بکوترێ خۆی ڕووداوێکی هەڵکەوتە(٦).

بەرهەمێکی کە دەرفەتێکی گونجاو و هۆیەکی تایبەتی بۆ داهێنان و ئەفراندن هەبێ، هەر بەو پێیەش پێوەندی زیاتری لەگەڵ هزردا هەیە. من خۆم کۆمەڵەی (ژ-ک)م وەک بزاڤی مەشرووتەخوازی گەلی کورد دێتە بەرچاو کە ئەگەر کەشوهەوای هزریی ساڵەکانی ١٩٤٢ هەتا ١٩٤٥ نەبوایە، ئەم هەوڵ ڕێکخراوە بەهێزە کۆمەڵایەتی-ئەدەبییەی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک نەدەهات و لە ڕاوێژی ئەدەبیاتی ڕامیاری ئەو کاتدا، ڕیشەی ئەو هەموو شیعرە نیشتمانیانە نەدەگوورا، یان ئەگەر ئاقاری نەتەوایەتی و هزری ڕۆشنبیرانەی ئەو کاتی ئیستەنبۆڵ نەبوایە، بێ گومان حاجی قادری کۆیی کە ئێمە ئەورۆ بە شاعیرێکی نیشتمانی و بەرخۆدانی دەناسین، ڕەنگ بوو زۆر بە کەمی، خۆی لە قەرەی شیعری بەرگری دابا و وەک سەردەمی باشووری کوردستان، لە جەغزی شیعری ئاشقانە و ناکامییە دەروونییەکانی خۆی نەترازایە، بەڵام دیارە بە هۆی ئەو ئاقار و هزرە ڕۆشنبیرییەوە، حاجی قادر شوناسێکی زانستی لە ناسیۆنالیزم بە دەستەوە دەدا و زۆر بە قووڵی لە ئازار و بێ دەسەڵاتی نەتەوەکەی دەدوێ، حاجی بە جەخت کردن لەسەر ئەو "تاوانی بێ هێزی" یە، تەنانەت لە (خانی) تێدەپەڕێنێ و زێدەتر لەو، ڕەنگ بە چارەڕەشییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەدا.

سەردەمی مەشرووتەش دۆخێکی هەڵکەوتووی هزرییە کە شاعیری وەک عارفی قەزوینی، میرزادەی عیشقی، بەهار، ئیرەج میرزا، لاهووتی و...تاد بە هەموو هەستیاری خۆیانەوە، بابەتی نیشتمان لە شیعرەکانیاندا بەرجەستە دەکەنەوە و هزریان، هونەرەکەیان بە تەواوی دەخاتە پەراوێزەوە. ڕووناکبیری جیاوازیخواز تەنیا بە شیعر و مەبەستگەلی نیشتمانی دانامرکێت و لە قۆناغی مەشرووتەدا خاوەن هزر، بەرەو نووسینی پەخشان هەنگاو هەڵدێنێتەوە و ڕۆمان کە دیاردەیەکی بڕاوە و مسۆگەری کۆمەڵگەی ڕۆژاوایە، لە هەمان سەردەمی مرۆڤی ئێرانیدا، ڕووی خۆشی پێ نیشان دەدرێت و بە باوەشێکی ئاوەڵاوە وەردەگیرێ، داهێنانی دەورەی مەشرووتە، بەرهەمی ڕاستەقینە کۆمەڵایەتی-ڕامیارییەکانی چاخی خۆیەتی کە لە ڕەهەندێکەوە ئاپۆرەی خەڵکی وەخەبەر دێنێت و لە ڕەهەندێکی دیکەشەوە، چەشنێکی تایبەت لە ئەدەبیاتی نەتەوەیی ئەزموون دەکا، داهێنانێکی بەردەوام کە ئەگەر ڕەگەزی هزرێکی وەها داهێنەرانەی لە پشت نەبووبایە، هیچ کام یەک لە ئامانجەکانی ئەوکات و دەسکەوتەکانی ئێستای وەدی نەدەهات.

سەرچاوە و پەراوێز:
١-شفیعی کدکنی، محمدرضا، ادوار شعر فارسی از مشروطیت تا سقوط سلطنت، تهران، انتشارات سخن، ١٣٨٠، ص٣٥.
٢-کسروی تبریزی، احمد، تارخ مشروطەی ایران، تبریز، نشر اختر، ١٣٨٥، ص٥٩.
٣- شفیعی کدکنی، محمدرضا، ادوار شعر فارسی از مشروطیت تا سقوط سلطنت، تهران، انتشارات سخن، ١٣٨٠، ص٣٤.
٤-مەبەست (نێوەرۆک)ە.
٥-مختاری، محمد، انسان در شعر معاصر، تهران، توس (چاپ دوم)، ١٣٧٨، ص٢٩.
٦-کالر، جاناتان، نظریەی ادبی (معرفی بسیار مختصر)، ترجمەی فرزانە طاهری، تهران، نشر مرکز، ١٣٨٢، ص٩٠-٩١.